# پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان؛
# چەند سەرنجێک



قەرەنی قادری

**دەستوور یان "دەستوورەکان"، بریتین لە کۆمەڵێک یاسا و ڕێوشوێن بۆ سیاسەتوانان و هاووڵاتیان، کە دەبێ چی بکەن و چی نەکەن. بە واتایەکی تر، کۆمەڵە یاسایەکن، کە دەبێ چۆن وڵات ئیدارە بکرێت و بەڕێوەبچێت. پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش لەم واتایە جیا ناکرێتەوە.**

پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، یەکەمین بەڵگە و ئەزموونی مێژوویی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری کوردستانە، کە وەکو یەکەیەکی سیاسی و نەتەوەیی، بەڵام ڕەنگاوڕەنگ دەیانناسێنێت و گەڵاڵەیان دەکات. ئەم پرۆژەیە، لە مەیدانی سیاسیدا یەکەیەکی سیاسی و نەتەوەیی کە خاوەنی سنووری جوگرافیای نەتەوەیی دەبێت، لە عێراقدا دێنێتە کایەوە و کۆتایی بە مێژووی فکری و دەسەڵاتی چڕ و توتالیتار لە عێراقدا دێنێت.

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئەوەیە، کە بەشێک لە دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و نیزامی لە بەغدا وەردەگرێتەوە و بە شێوەیەکی یاسایی بۆ هەرێمی کوردستانیان دەگوێزێتەوە. ئاکامی ئەم گواستنەوەیە ئەوەیە، کە لە بواری سیاسی و یاساییەوە، دەسەڵاتی بەغدا بچووک دەکاتەوە و عێراق دەکاتە خاوەنی دوو پایتەختی بڕیاردان، (بەغدا و هەولێر)، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، ئەم دیاردە سیاسییە بەیاسایی دەکات.

بنەمای سەرەکیش بۆ ئەم بڕیارە، دەگەڕێتەوە سەر ماددەکانی (1) کە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان بەهۆی دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات و لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتییەوە بەڕێوەدەبات، ماددەی (2) کە سنووری هەرێمی کوردستان لە ناو جوگرافیای سیاسیی عێراقدا دیاری دەکات، هەروەها ماددەی (5)یش باس لە نەتەوەکانی تر و لە ماددەی (35)یشدا باس لە "مافی نەتەوەیی، ڕۆشنبیری و کارگێڕی لە شکڵی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی" بۆ گرووپە نەتەوەییەکانی تر لە کوردستاندا دەکات. لە کۆتاییدا ماددەکانی (10، 11 و 12)ش باس لە پایتەختی هەرێمی کوردستان، زمان، ئاڵا، جەژن و سروودی نەتەوەیی، هەروەها هێزی پێشمەرگەش کە هێزی پاراستنی هەرێمی کوردستان دەبێت، دەکەن.

لە دەروازەی سێیەم و (دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان) باس لە دامەزراوەیەکی یاسایی و نەتەوەیی لە ژێر ناوی (دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان) دەکرێت. لە ماددەکانی ئەم دەروازەیەدا (دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری) کە دیرەگی سەرەکیی

قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانن، تا ڕادەیەک ئەم کیانە وەکوو یەکەیەکی سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەلایەتیی خاوەن بڕیار دەناسێنێت.

پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ـ عێراق، بەلگەی دروستکردن و ناساندنی حکوومەت و نەتەوەکانی کوردستانە، کە دەخوازێت ئەم یەکە سیاسی و نەتەوەییە، لە چوارچێوەی عێراق و لە دەرەوەدا بەیاساییان بکات.

پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، بە گەلالەکردنی نەتەوەی کورد و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها بەیاسایی و بەڕەسمیکردنی ئەم دوو دیاردەیە، پرسی یەکەی سیاسی و نەتەوەیی کوردستان بەرەو سەقامگیری و بەهێزکردنی دەبات، هەروەها پلەی ئاسایشی کۆمەلگای هەرێمی کوردستانیش بەرزتر و بەهێزتر دەکاتەوە.

**- ئەم پڕۆژەیە، ئەم دەرفەتانە بۆ کۆمەلگەی هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنێت:**

1- بەلگەیەکی مێژووییە بۆ بەڕێوەبەریی هەرێمی کوردستان.

2- نەزمێکی نوێی کۆمەلایەتی لە هەرێمی کوردستاندا دێنێتە کایەوە.

3- لە پەیوەند لەگەل بەغدا، بەشێوەیەکی فیدرالی، دیموکراتیک و یاساییەوە، پەیوەندی لەگەل حکوومەتی عێراقدا میقات دەکات.

4- لە بواری جهانیشدا، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، نوێنەرایەتیی کۆمەلگای هەرێمی کوردستان دەکات.

**- پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و ولاتانی دەوروبەر**

بە پێی ئەوەیکە ولاتانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان (ئێران، تورکیە و سوریە) وەکو عێراق فرە نەتەوەیین، دەتوانێت ئەو کارتێکەرییەی لەسەر پارچەکانی تر کوردستان و دەولەتانی دەوروبەردا هەبێت، کە پلەی داخوازیی نەتەوەیی، دیموکراتیک و مەدەنی ئەوان بەرزتر بکاتەوە و وەکوو هاوکێشەیەک ڕۆلی هاندەر لەو بەشانەدا بگێڕێت. بێشک بوونی یەکەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە پال (ئێران، تورکیە و سوریە)دا، ئەو ولاتانە ناچار دەکات، کە وەکوو بوونێکی سیاسی هەلسوکەوت لەگەل حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بکەن، بەلام پیلان و گوشار هێنانیش بۆ سەر ئەو دەسەلاتە سنووردارە (حکوومەتی هەرێمی کوردستان) لایەنێکی تر لە سیاسەتی ئەوان دەبێت. پڕۆژی دەستووری هەرێمی کوردستان کە بنەماکەی لەسەر دابەشکردنی دەسەلاتی سیاسی و ئابووری لەگەل بەغدادا گەلاکردووە، لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا نموونەیەکە بۆ هەنگاو نانێکی جددی بەرەو بەدیموکراتیکردنی دەسەلات لەم دەڤەرەدا. بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەش، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە بە جهانی ئیسلام ناسراوە، خاوەن دەسەلاتگەلێکی سانترالیست و سەرکوتکەرن.

**- پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست**

ولاتانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان، هەروەها ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، داخراو و یەکپارچەن، کە لەسەر بنەمای (**یەکێتی لە یەکدەستی و یەکڕەنگی**)، ئەویش بە ڕێگای زەبروزەنگەوە دروستکراون. پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ـ عێراق، یەکەمین بەلگەی مێژوویی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدایە، کە دەسەلات بە شێوەیەکی دیموکراتیک دابەشدەکات و یەکێتییەکی دلخوازانە لەسەر بنەمای چەند نەتەوەیی و چەند ڕەنگی (**یەکێتی لە چەند چەشنی**) لە عێراقدا پێکدێنێت. هەرێمی کوردستان ئەو دەرفەتە مێژووییەی بۆ

ڕەخساوە، کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یەکێک لە هاوکێشە دیموکراتییەکان بێت و بێشک لە درێژخایەنیشدا دەتوانێت لەو گەلالانەی کە هەوڵی بەدیموکراتیکردنی ئەم ناوچە داخراوە بدەن، دەوری هەبێت و بەرژەوەندی خۆی تێدا ببینێتەوە.

### - ئازادییەکان لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا

لە قانوونی ئەساسیی (یاساکانی بەڕێوەبەریی) وڵاتانی پێشکەتوو و دیموکراتیکدا، هاووڵاتیان سەرچاوەی سەرەکیی دەسەڵات و دامەزراوە حکومییەکانن. لەم بەڵگانەدا، ئازادیی بیروڕا و ئازادیی چاپەمەنی بە ئێلکترۆنییەوە، یەکێک لە کۆڵەکەکانی یاسای بەڕێوەبەریی وڵات و خوێنی ناو دەمارەکانی دیموکراسین.

کاتێک لە یاساکانی بەڕێوەبەریی وڵاتدا، ئاماژە بە هاووڵاتیان یان بە خەڵک وەکو سەرچاوەی دەسەڵاتەکان دەکرێت، دەبێ ئاماژە بە ئازادیی بیروڕا و ئازادیی چاپەمەنی بکرێن. هۆکارە سەرەکییەش بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە، کە پەرلەمان و حکوومەت، بەڕێگای هەڵبژاردنەوەیە (دەنگی هاووڵاتیان) بوونیان دەبێت. لەبەر ئەمە، ئەودیوی واتای وڵاتێکی دیموکراتیک بە گشت دامودەزگاکانییەوە، ئازادیی بیروڕا و ئازادیی چاپەمەنییە. هەر لێرەشەوە دەسەڵاتی چوارەم لەدایک دەبێت.

لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان (پ. د. هـ ک) لە ماددەکانی (1 و 3)دا هاتووە: "دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات"، "گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە". بەڵام بۆوەی هاووڵاتیان بتوانن بەشێوەیەکی چالاکانە، بەشدار بن و ئاگاداری کاروکردەوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هەر "سێ دەسەڵات"ەکەیەوە بن، دەبێ لە (پ. د. هـ ک)دا بە روونی و بەشێوەیەکی تێروتەسەل، وەکو دەسەڵاتەکانی تر، ئاماژە بە واتای "ئازادیی بیروڕا" و "ئازادیی چاپەمەنی" بکرێت.

کاتێک لە پرۆژەکەدا، بەوردیی باسی ئەرک و دەسەڵاتەکانی "یاسادانان"، "جێبەجێکردن" و "دادوەری" کراوە، پێویستە ئاواش باس لە مافی سەرەکیی هاووڵاتیان "ئازادیی بیروڕا و چاپەمەنی" کە گرینگترین چەمکی دەسەڵاتێکی دیموکراتن، بکرێت، بەڵام لە پرۆژەکەدا، بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەدراوە.

بە گوێرەی پرۆژەی دەستوور، حکوومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی سێ دەسەڵاتی "یاسادانان"، "جێبەجێکردن" و "دادوەری"یە. ئەگەر (پ. د. هـ ک) هەر سێ دەسەڵاتەکان ڕێکدەخات، ئەرک و دەسەڵاتیشیان بۆ دیاریدەکات، هەر بەم چەشنەش، پێویستە ئازادییەکان ڕێک بخرێن و هاووڵاتیانیش کە سەرەکیترین مافیان "ئازادیی بیروڕا و ئازادیی چاپەمەنی"یە، کێشێکی تەواو و شوێنێکی گونجاویان لە (پ. د. هـ ک)دا پێبدرێت.

### - پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان؛ دەسەڵاتی چوارەم و ئازادییەکان

پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، کە لە (122) ماددە پێکهاتووە، تەنیا لە (3) بەندی گەلێک کورتدا، باس لە "ئازادییەکان" دەکات. ئەم سێ بەندەش، بەسەر دوو چەشنە ئازادیدا دابەشکراون، بەڵام بەشێوەیەکی شێوێندراو و بەبێ میکانیزمی گەیاندن لە کۆمەڵگەدا. ئەوەی کە پەیوەندیی بە (ئازادیی بیر، ڕا و هزر)ەوە هەیە، لە ماددەی (19) لە نیوەڕستەیەکدا، ئەویش تەنیا ئاماژە بە (ئازادیی دەربڕین) واتە (گوتن) کراوە و هاتووە: "هەموو کەس مافی لە ئازادیی دەربڕینی هەیە و پێویستە

ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و ......." بەڵام لەم ماددەیەدا باس لە ئازادیی نووسین واتە ئازادیی چاپەمەنی نەکراوە، تەنیا باس لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی کراوە. ئەمەش ئاشکرایە کە ڕۆژنامەنووسی لقێک و بەشێکی گرینگە لە ئازادیی چاپەمەنی، بەڵام ئازادیی چاپەمەنی، بەرفراوان و گشتگرە، کە سەرجەم نووسین دەگرێتەوە. پانتایی ئازادیی چاپەمەنی گەلێک لە پانتایی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بەرفراوانترە. لەبەر ئەوە، ڕۆژنامەوانی بەشێک لە ئازادیی چاپەمەنییە.

ئازادیی چاپەمەنی بریتییە لە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری، بیروڕا و دەنگوباس بەڕێگەی کتێب، نامیلکە، ڕۆژنامە، گۆڤار و ئینترنێتەوە. سەرجەم ئازادیی چاپەمەنی ئەو مانایە گشتییەشی هەیە، کە هاووڵاتیان و گرووپی کۆمەڵایەتی ئەو مافەیان هەیە کە بەڕێگەی کەرەسەکانی ڕاگەیاندنەوە بەرهەمی فکریی خۆیان بڵاوبکەنەوە.

ئازادیی بیروڕا دەربڕینیش بریتییە لەوە، کە هەر تاکێک مافی ئەوەی هەیە، ڕا، تێڕوانین، بۆچوون و هەستەکانی خۆی بەڕێگەی ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڤیدیۆ و دەنگەوەرەکانی تر ڕابگەیێنێت.

واباشتر کە لە دوو خاڵ یان لە دوو ماددەی سەربەخۆدا، باس لە ئازادیی ڕادەبڕین و چاپەمەنی بکرێت. چونکە ئەم کارە هەم لە بواری دابەشکردنی ئازادییەکانەوە دروستە کە "گوتن" لە "نووسین" جیا دەکاتەوە، هەمیش لە باری یاساییەوە دەبێ ڕۆژنامە و گۆڤار کە چاپەمەنیین (نووسین) لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن (گوتن) جیا بکرێنەوە، تا لە وردەکارییەکاندا یاسای تایبەتییان بۆ دابڕێژرێن.

لە ماددەی (19) لە بەندی (دەیەم)دا ئازادیی دەربڕین و ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ (تاوانی چاپەمەنی) واتە "سووکایەتی، توانج و تەشەر" تێکەڵ کراوە. ئەم تێکەڵکردنە یاسایی نییە، **چونکە لە بواری ئازادیدا، ئەولەوییەت بە ئازادی و فەلسەفەی ئازادییە**. ماقووڵ نییە ئازادی و تاوان لە یەک بەندی گەلێک کورتدا جێگەیان بۆ بکرێتەوە و کۆبکرێنەوە.

لە یاسای بەڕێوەبەریی وڵاتدا، پێویستە ئازادیی چاپەمەنی بەشێوەیەکی سەربەخۆ باسی لێوەبکرێت، هەروەها لە ماددەی جیا و سەربەخۆشدا باس لە "تاوانەکانی چاپەمەنی" کە "سووکایەتی، توانج و تەشەر"یش بەشێکن لە تاوانەکانی چاپەمەنی، بکرێت.

هەر لەم ماددەیەدا هیچ چەشنە جێگەیەک بە کەرەسەی نوێی نووسین واتە ئینترنێت و ڕۆژنامەی ئێلکترۆنی نەدراوە. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە شەپۆلی ئینترنێت و ماڵپەڕی ئینترنێتی یان ڕۆژنامەی دیجیتالی هەر ئێستا لە کوردستاندا بڕەوێکی بەرچاوی هەیە. ئەم دیاردەیە پێویستی بە یاسا و ڕێسای تایبەتی هەیە. ئەم دیاردەیە نە چاپەمەنییە و نە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە، بەڵام لە هەمان حاڵدا، کەرەسەیەکە کە دەنگ، پیت و وێنە دەگوێزێتەوە. باس نەکردن لەم لقە نوێیە لە ڕاگەیاندن کە پێویستیی بە یاسا و ڕێسایەکی تایبەتی هەیە، لە داهاتوودا تووشی گرفتێکی جددیمان دەکاتەوە.

بۆ ڕێکخستن و گەڵاڵەکردنی ئازادییەکان، پێویستە کە گرینگیی بە کەرەسەکانی ڕاگەیاندن وەکو ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە، گۆڤار و چەشنەکانی تری ڕاگەیاندن بدرێن، چونکە بەشێک لەم کەرەسانە، ڕۆڵی گەیاندنی ئازادیی زارەکیی "ئازادیی بیروڕا دەربڕین"یان لە ئەستۆدایە، هەندێکی تریش لەم کەرەسانە، ئەرکی گەیاندنی ئازادیی نووسین (چاپەمەنی) بەڕێوەدەبەن. لێک جیاکردنەوەی ڕاگەیاندنی (دەنگ، وێنە، نووسین و ئێلکترۆنی) کارێکی یاسایی و لە بواری

راگەیاندنیشدا، پۆلێنکردنێکی پیشەییە، کە هەر کام لەوانە ئەرکێکی تایبەتییان هەیە.

لەبەر ئەوە، پێویستە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمدا، کە باس لە "ئازادییەکان" کراوە، دەبێ باس لە کەرەسەکانی راگەیاندن و چەشنەکانیشیان بکرێت. بەسێ هۆ پێویستە باسێکی قووڵتر لە ئازادیی بیروڕا و چاپەمەنی، هەروەها لە کەرەسەکانی راگەیاندن بکرێت.

1. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە مافی هاووڵاتیانە دەستیان بە زانیاریی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رابگات.
2. لە بواری یاساییەوە، پێویستە کەرەسەی شیاو بۆ چەشنی ئازادی دەستنیشان بکرێت. وا باشترە چەشنی ئازادییەکان، لەگەڵ ئامرازی شیاوی راگەیاندن باسیان لێوەبکرێت.
3. ئازادییەکان و کەرەسەکان (ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی) پێکەوە دەسەڵاتی چوارەم پێکدێنن. ئەمەیان، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا، هیچ چەشنە شوێنێکی نییە.

باسکردن لە گرینگترین چەمکی دیموکراسی، کە سەرەکیترینیان مافی هاووڵاتیان واتە "ئازادیی بیروڕا و ئازادیی چاپەمەنی"یە، هەروەها بە گوێرەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، کە "گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکان"ـە، پێویستە ئەو قورساییەیان پێبدرێت، تا بەم هۆیەوە (دەسەڵاتی چوارەم) لە کۆمەڵگەدا بوونی یاسایی هەبێت و بەرەسمیبوونی بسەلمێندرێت.

یاسای بەڕێوەبەریی وڵات (پرۆژی دەستووری هەرێمی کوردستان) بەمانای دیاریکردنی ڕێوشوێنی یارییە سیاسی، مەدەنی و ئازادییەکانە. کاتێک "گەل سەرچاوەی دەسەڵات"ـە، بنەمای ئەم دەسەڵاتەیش، بە یارمەتیی دیرەگی ئازادییەکان بینا دەکرێت. بوونی ئازادیی بیروڕا و ئازادیی چاپەمەنی، کە بەرێگای ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە، گۆڤار و ڕۆژنامەی ئێلکترۆنییەوە (ئامرازی راگەیاندنی گشتی) بەڕێوەدەچن و دەسەڵاتی چوارەم پێکدێنن، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا سنووردار و ناڕوونن، هەروەها کۆسپێکی یاساییش لەبەردەم چالاکبوونی دەسەڵاتی چوارەم، کە سەرەکیترین ئەرکی، پێداچوونەوە، گەیاندنی زانیاری و ڕاگەیاندنی کاروبارەکانی حکوومەتە، دروست دەکات.

ئەگەر لە ڕوانگەی "گەل سەرچاوەی دەسەڵات"ـەکانە، کە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمیشدا هاتووە، سەیری یاسای گشتیی بەڕێوەبەریی وڵات یان دەستوور بکەین، لە سەر دوو کۆڵەکە بینا دەکرێت. یەکەم مافی سەرەکیی هاووڵاتیان (ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی چاپەمەنی) وەکو بنەما و سەرچاوەی دەسەڵاتە. دووەم، ئەرک و دەسەڵاتەکانی دەوڵەت و پەیوەندیی نێوان چەمکەکانی پێکهێنەری دەسەڵاتە. سەرجەم دەستوور یان قانوونی ئەساسی لە دوو وەرزی سەرەکی (مافی سەرەکیی هاووڵاتیان) و (ئەرک و دەسەڵاتەکانی حکوومەت) پێکدێت.

بۆوەی کە ئەم ئازادییانە ببن بە هێزێکی ماددی و ئازادییەکانیش دەستەبەر ببن، دەبێ شوێن و کێشیان لە پرۆژەی دەستووری هەرێمدا هەبێت، تا "گەل کە سەرچاوەی دەسەڵات"ـەکانە، بەڕوونی مافی خۆیان پێبدرێت، چونکە ئازادیی چاپەمەنی یەکێک لە کۆڵەکەکانی سیستەمی دیموکراسییە.